له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

## كورتە باسێكی پوخت سەبارەت بە

# حۆریە چاوگەشەكانی بەهەشت

ئامادەكردنی

إدريس محمود

-----------------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

(إنَّ الحَمدَ للهِ، نَحمَدُهُ وَنَستَعِينُهُ وَنَستَغفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِن شُرُورِ أنفُسِنَا
وَسَيِّئَاتِ أعمَالِنَا، مَن يَهدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَن يُضلِل فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأشهَدُ
أن لا إلَهَ إلا اللهُ وَحدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، وَأشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾

[آل عمران : ١٠٢]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا
رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾

﴾ [النساء : ١]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ
وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾

[الأحزاب: ٧٠ـ ٧١ ]

أما بعد:(فَإنَّ خَيرَ الحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدي هَديُ مُحَمَّدٍ ﷺ ، وَشَرَّ الأمُورِ
مُحدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحدَثَةٍ بِدعَة، وَكُلَّ بِدعَةٍ ضَلالَة، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّار).

ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەستتدایە باسی یەکێك لەو ناز و نیعمەتانە دەکات کە خوای گەورە بۆ بەهەشتیەکانی ئامادە کردووە ، ئەو بەهەشتیانەی کە لەسەر ناڕەحەتی و نەخۆشی و ناخۆشیەکان ئارامیان گرت تاوەکو دونیایان بەجێ هێشت .

موسڵمانی بەڕێز : گەر دەتەوێ لەو خۆشیانە بێبەش نەبیت کە لە بەهەشتدا هەیە ، پێویستە خۆڕاگر و لێبڕاو بیت و پابەند بیت بە دینەکەتەوە تا ئەو ڕۆژەی مردن دەبێتە میوانت ، ئەو کاتە فریشتەکان مژدەی بەهەشتت پێ دەدەن وەکو پاداشتێك لەسەر ئارامگرتنت .

ئەو بەهەشتەی کە خوای گەورە لە بارەیەوە دەفەرموێت : ﴿

وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ وَأَنتُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾ ﴿ الزخرف : ٧١ ﴾ . واتە : لەو بەهەشتەدا هەرچی نەفس حەزی لێ بکات و دڵ بیخوازێت و چاو حەز بە دیتنی بکات ئامادەیە و ئێوە ؛ ئەی خواناس و پاکان ، ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەشی تیادا دەبەنە سەر.

وە خوای گەورە مژدە بە بڕواداران دەدات و دەفەرموێت : ﴿

إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ ﴿٥١﴾ فِي جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٢﴾ يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ
وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٥٣﴾ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ ﴿٥٤﴾ يَدْعُونَ فِيهَا
بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴿٥٥﴾ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ
وَوَقَىٰهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٥٦﴾ فَضْلًا مِّن رَّبِّكَ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٥٧﴾ ﴾ [
الدخان] .

واتە : بە ڕاستی ئەوانەی كە لەخواترس و پارێزگارن ، لە شوێنێكی زۆر ئارامدا ژیان دەبەنە سەر ، لە باخچە و باخەكانی بەهەشتدا ، لە پاڵ كارێز و كانی و تاڤگەكاندا دەژین ( هەمیشە لە سەیران و خۆشیدان ) ، دەپۆشن لە ئاوریشمی تەنك و ئەستوور ، لەو كاتەدا خۆشەویستان بەرامبەر بە یەك دادەنیشن و ( بە ڕووی خۆشەوە بۆ یەكتر دەڕوانن و گفتوگۆی خۆش و بەتام دەكەن ، هەروەها حۆری چاوگەش و گوڵئەندامان كردووە بە هاوسەریان ، بانگ دەكەن تیایدا بۆ هەموو جۆرە میوەیەك ، بێ ئەوەی بترسن لە تەواوبوون و لەبەرچاوكەوتن ، لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە كە هەرگیز

**تالْی مردن ناچێژن تیایدا جگە لەو مردنەی یەکەمجار و پەروەردگاریان لە سزای دۆزەخیش بە دووری گرتوون و پاراستوونی ، جا ئەمە ڕێز و فەزلێکی تایبەتیە لە لایەن پەروەردگاری تۆوە ئەی پێغەمبەر ﷺ ، ئەی بڕوادار ، بە ڕاستی تەنها ئەوەیە سەرکەوتنی گەورە و بێ سنوور .**

**وە دەفەرموێت :** ﴿ فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٧ ﴾ [ السجدة] . **واتە : جا هیچ کەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆ هەڵگیراوە و شاراوەتەوە لە ناز و نیعمەتی جۆراوجۆر ، کە چاوەکان پێی گەش دەبنەوە ، لە پاداشتی کار و کردەوەی پاک و چاکیاندا کە ( دونیادا ) ئەنجامیان دەدا .**

**خوای گەورە بە بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەت شادمان بکات و حۆریە چاوگەشەکان بکات بە هاوسەرمان .** آمين .

# پێناسه‌ی حۆری

( حور ) كۆی وشه‌ی ( حوراء ) ه‌ ، واته‌ : كیژۆڵه‌یه‌كی گه‌نجی جوانی سپی چاو ڕه‌ش. [ انظر : بشرى المحبين بأخبار الحور العين : ص ٤٠ ].

# سیفاتی حۆریه‌ چاوگه‌شه‌كان

حۆریه‌كان كۆمه‌ڵه‌ سیفاتێكیان تێدایه‌ كه‌ له‌ جگه‌ له‌ خۆیاندا نیه‌ له‌و سیفاتانه‌ش :

١ . **زۆر جوانن :** حۆریه‌كان زۆر سپی و چاو گه‌وره‌ن و تازه‌ سنگ كردوون ، خوای گه‌وره‌ وه‌سفی جوانیه‌كه‌یان به‌م شێوه‌یه‌ ده‌كات : ﴿ كَأَنَّهُنَّ ٱلْيَاقُوتُ وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٥٨﴾ ﴾

[ الرحمن] . واته‌ : له‌ جوانی و قه‌شه‌نگی و شۆخ و شه‌نگیدا وه‌كو یاقووت و مه‌رجان وان . كه‌ دوو جۆر گه‌وهه‌ری به‌ نرخن و له‌ ده‌ریا ده‌رده‌هێنرێن .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ وَحُورٌ عِينٌ ﴿٢٢﴾ كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ ﴿٢٣﴾ ﴾ [ الواقعة ] . واتە : بۆ بەهەشتیەکان حۆری چاو گەش و چاو ڕەش هەیە کە وەکو مرواری شاراوە و دەست لێ نەکەوتوو وان .

وە دەفەرموێت : ﴿ كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ ﴿٤٩﴾ ﴾ [ الصافات] . واتە : هەردەڵێی هێلکەی پاك کراو شاراوەن ( کەس دەستی لێ نەداون ) .

پێغەمبەری خواش ﷺ لە وەسفی حۆریەکاندا فەرموویەتی : " لكل واحد منهم زوجتان من الحور العين ، على كل زوجة سبعون حلة يرى مخ سوقهما من وراء لحومهما و حللهما ، كما يرى الشراب الأحمر في الزجاجة البيضاء " [ رواه الطبراني بإسناد صحيح ] .

واتە : بۆ هەموو یەکێك لە پیاوەکانی بەهەشت دوو خێزان هەیە لە حۆریە چاوگەشەکانی بەهەشت ، هەر یەکێك لەو خێزانانە حەفتا پۆشاکی لەبەردایە ، مۆخی ناو ئێسقانەکانی پێیان لە ژێر گۆشت و پۆشاکەکەیانەوە دەبینرێت ، وەکو چۆن شەربەتی سوور لە ناو شووشەی سپیدا دەبینرێت .

**هەروەها دەفەرمویێت :** " و لو أن امرأة من أهل الجنة اطلعت إلى أهل الأرض لأضاءت ما بينهما ، و لنسيفها على رأسها خير من الدنيا و ما فيها " [ رواه البخاري ] . **واته : ئەگەر ئافرەتێكی بەهەشتی بێتە سەر زەوی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا ڕووناك دەكاتەوە ، و بە ڕاستی سەرپۆشەكەی سەری باشترە لە دونیا و ئەوەشی تێیدایە .**

عن أبي سعيد الخدري ﷺ مرفوعا : " إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَّكِيءُ في الْجَنَّةِ سَبْعِينَ سَنَةً قَبْلَ أَنْ يَتحوَّلَ ثُمَّ تَأْتِيهُ امْرَأَتُهُ فَتضْرِبُ عَلَى مَنْكِبَيْهِ فَيَنْظُرُ وَجْهَهُ فِي خَدِّهَا أَصْفَى مِنَ الْمِرْآةِ وَإِنَّ أَدْنَى لُؤْلُؤَةٍ عَلَيْهَا تُضيء مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمغْرِبِ فَتُسَلِّمُ عَلَيْهِ . قَالَ فَيَرُدُّ السَّلَامَ وَيَسْأَلُهَا مَنْ أَنْتِ وَتَقُولُ أَنَا مِنَ الْمَزِيدِ . وَإِنَّهُ لَيَكُونُ عَلَيْهَا سَبْعُونَ ثَوْباً أَدْنَاهَا مِثْلُ النُّعْمَانِ مِنْ طُوبَى فَيَنْفُذُهَا بَصَرُهُ حَتَّى يَرَى مُخَّ سَاقِهَا مِنْ وَرَاءِ ذَلِكَ وَإِنَّ عَلَيْهَا مِنَ التِّيجَانِ إِنَّ أَدْنَى لُؤْلُؤَةٍ عَلَيْهَا لَتُضِيءُ مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ " [ رواه أحمد بإسناد حسن ] .

**واتە : پیاو لە بەهەشتدا حەفتا ساڵ شان دادەهێڵێت پێش ئەوەی ڕاست بێتەوە ، پاشان ئافرەتێك دێت ب لای ، و دەدات بە سەر شانیدا ، و ئەویش لای لێدەكاتەوە و ڕوومەتی خۆی لە گۆناكانیدا دەبینێت ، لە ئاوێنە ڕوونتر ، كەمترین مرواری قەی ئەو**

ئافرەتە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا ڕووناك دەكاتەوە ، ئافرەتەكە سەلام لە پیاوەكە دەكات ، پیاوەكەش سەلامەكەی وەڵام دەداتەوە ، و پرسیاری لێدەكات كە تۆ كێت ؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت : من لە زیادەبەخششەكانی خوای میهرەبانم ( أنا من المزيد ) ، وە ئەو ئافرەتە حــەفــتا پــۆشاكی لەبەردایە كەمترینیان وەكو گوڵی سور وایە ، لــە (طوبی) وەیە ، كەچی چاوی پیاوە بەهەشتیەكە لە سەر هەموو ئەو پۆشاكانەوە مۆخی قاچەكانی دەبینێت ، وە تاجێكی وای بەسەرەوەیە كە كەمترین مرواریەكانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا ڕووناك دەكاتەوە .

وە لە ڕیوایەتێكی تردا لە ( ابن مسعود ) ەوە ﵁ هاتووە سەبارەت بەو ( پیاوە یەكتا پەرستەی كە دوایین كەسە دەچێتە بەهەشتەوە ) كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ... فينطلق أمامه حتى يفتح له القصر ... و هو من درة مجوفة ، سقائفها و أبوابها و أغلاقها و مفاتيحها منها ، تستقبله جوهرة خضراء مبطنة بحمراء ، فيها سبعون بابا كل باب يفضي إلى جوهرة خضراء مبطنة ، كل جوهرة تفضي إلى جوهرة على غير لون الأخرى ، في كل جوهرة سرر و أزواج و وصائف أدناهن حوراء عيناء عليها

سبعون حلة يرى مخ ساقها من وراء حللها ... " [ صححه الألباني في مختصر العلو : ص١١٠ ] .

واتە : ... وە لە پێشەوە دەڕوات تاكو دەرگای كۆشكەكەی بۆ دەكاتەوە ... كۆشكەكە لە مرواری ناوبۆش دروستكراوە ، سەقف و دەرگا و شتەكانی تری هەموو لەوەیە ، گەوهەرەیەكی سەوزی ناوسوركراوی دێتە ڕێ ، حەفتا دەرگای تێدایە هەموو دەرگایەكی دەیگەیەنێت بە گەوهەرەیەكی سەوزی ناوڕەنگكراو ، هەموو گەوهەرەیەك دەیگەیەنێت بە گەوهەرەیەكی ڕەنگ جیاواز لە خۆی ، لە هەموو گەوهەرەیەكدا چەندەها جێ خەو و خێزان و خزمەتكاری تێدایە ، كەمترینیان خاوەن چاوانێكی گەورە ( كە ڕەشێنەكەی زیاترە لە سپێنەكەی ) حەفتا پۆشاكی لەبەردایە مۆخی قاچەكانی دەبینرێت لە سەر هەموو ئەو پۆشاكانەوە .

٢ . **زۆر پاك و خاوێنن :**

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾ ( البقرة : ٢٥ ). واتە : بۆ بەهەشتیەكان ئافرەتی پاكژ و خاوێن هەیە و بە هەمیشەیی لە بەهەشتدا دەمێننەوە .

(( واته : پاك كراونەتەوە لە حەیز و خوێنی منداڵبوون و میز و پیسایی و چڵم و بەڵغەم و هەموو شتێكی پیس و ئازار بەخش كە تووشی ئافرەتانی دونیا دەبن ، لەگەڵ ئەوەشدا ناخیان پاك كراوەتەوە لە ڕەوشتە خراپەكان و سیفاتە ناشرینەكان ، و زمانیشیان پاك كراوەتەوە لە قسەی پیس و خراپ ، و جلەكانیشیان پاك كراوەتەوە لەوەی كە تووشی پیسی ببێت )) ( مختصر حادي الأرواح : ص ٢٠٤ ) .

٣ . **ڕەوشت و وتە جوانن :**

حۆریەكان خاوەنی ڕەوشتی بەرز و جوانن و دوورن لە وتەی خراپ و كردەوەی خراپ ، وەكو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فِيهِنَّ خَيْرَٰتٌ حِسَانٌ ﴿٧٠﴾ ﴾ ( الرحمن).

واته : لەو بەهەشتانەدا حۆری جوان و شۆخ و شەنگ و ڕەوشت بەرزی تێدایە .

٤ . **بۆنیان زۆر خۆشە :**

**پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت** : " و لو أن امرأة من أهل الجنة اطلعت إلى أهل الأرض لأضاءت ما بينهما و لملأته ريحا " [ البخاري : ٢٧٩٦ ] **. واتە : ئەگەر ئافرەتێكی بەهەشتی بێتە سەرزەوی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا ڕووناك دەكاتەوە ، و پڕی دەكات لە بۆنی خۆش .**

٥. **حۆریەكان لە جێگای تایبەتیدان و پارێزراون و پێشتر هیچ كەس نە مرۆڤ وە نە جنۆكە لەگەڵیاندا جووت نەبوون و دەستیان لیٚ نەداون ، خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿ لَمۡ يَطۡمِثۡهُنَّ إِنسٌ قَبۡلَهُمۡ وَلَا جَآنّٞ ٧٤ ﴾ [ الرحمن] **. واتە : لە پێش هاوسەرەكانیان هیچ كەس نە مرۆڤ وە نە جنۆكە دەستیان لیٚ نەداون .**

٦ . **تەنها دڵیان لە لای مێردەكانیانە و سەیری پیاوانی تر ناكەن :**

**حۆریە چاو گەشەكان چاو و دڵ و دەروونیان بە تەنها لە لای مێردەكانیانە ، هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ

ٱلطَّرۡفِ ﴾ [ الرحمن : ٥٦ ] . واتە : لە بەهەشتدا حۆری تێدایە کە تەنها تەماشای هاوسەرەکانیان دەکەن .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ عِينٞ ٤٨ ﴾ [ الصافات ] .

واتە : لە تەنیشتیانەوە حۆری چاو گەش دانیشتوون ، جگە لە هاوسەرانیان چاو بۆ کەسی تر هەڵ نابڕن ، وە دەفەرموێت :﴿ حُورٞ مَّقۡصُورَٰتٞ فِي ٱلۡخِيَامِ ٧٢ ﴾ [ الرحمن]. واتە : حۆری چاو گەش و چاو ڕەش لەو دەوارە تایبەتیانەی کە بۆیان ئامادە کراوە دوور ناکەونەوە ( ئەڵبەتە هەر ناوی دەوارە ، ئەگینا مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت چ جێگە و ڕێگایەکی خۆش و ڕازاوەیە ) .

وە دەفەرموێت : ﴿ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدۡعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ وَشَرَابٖ ٥١ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ أَتۡرَابٌ ٥٢ ﴾ [ ص ] . واتە : تیایدا بە ئاسوودەیی شانیان داداوە ، بەردەوام داوای میوەی زۆر و خواردنەوەی هەمەجۆر

دەکەن ، هەروەها حۆری هاوتەمەنی بە حەیا و شەرم لایانە ، کە تەنها عاشقی هاوسەرەکانیانن و چاو بۆ کەسی تر هەڵنابڕن

٧ . **هاوتەمەنن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا :**

حۆریەکان و هاوسەرەکانیان تەمەنیان ( ٣٣ ) ساڵانە و بە گەنجی دەمێننەوە و پیر نابن . خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿٣٣﴾ ﴾ ( النبأ) . واتە : لەو جێگەو ڕێگە خۆشانەدا هاوسەر و هاودەمی سینە جوان و دیمەن جوان و هاوتەمەن ئامادەیە

٨. **زۆر هاوسەرەکانیان خۆش دەوێت :**

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ عُرُبًا أَتْرَابًا ﴿٣٧﴾ ﴾ ( الواقعة ). واتە : هاوسەرەکانیان زۆر خۆش دەوێت و هاو تەمەنن .

ئەوەی کە زیاتر خۆشەویستی ئەو حۆریانە بۆ هاوسەرەکانیان دەردەخات ئەوەیە کە بەرگرییان لێ دەکەن کاتێك کە خێزانەکانیان لە دونیادا ئازاریان دەدەن .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " لا تؤذي امرأة زوجها في الدنيا إلا قالت زوجته من الحور العين : لا تؤذيه قاتلك الله فإنما هو عندك دخيل

يوشك أن يفارقك إلينا " [ السلسلة الصحيحة : ١٧٣ ] . **واته : هيچ ئافره‌تێك نيه‌ له‌ دونيادا ئازارى مێرده‌كه‌ى بدات ، ئيلا خێزانه‌كه‌ى كه‌ حۆرى به‌هه‌شته‌ ده‌ڵێت : خوا بتكوژێت ، ئه‌م پياوه‌ لاى تۆ ميوانه‌ نزيكه‌ به‌ جێت بهێڵێت و بێت بۆ لاى ئێمه‌ .**

**٩ . هه‌ميشه‌ كچن :**

**خواى گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت :** ﴿ فَجَعَلْنَٰهُنَّ أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ ﴾ [ الواقعة].

**واته : كردوومانن به‌ حۆريانى هه‌ميشه‌ كچ .**

**وه‌ هه‌ركاتێكيش له‌گه‌ڵ هاوسه‌ره‌كانياندا جووت ده‌بن پاش ئه‌وه‌ ده‌بنه‌وه‌ به‌ كچ . پێغه‌مبه‌رى خوا ﷺ ده‌فه‌رموێت :** " و الذي نفسي بيده دحما دحما فإذا قام عنها رجعت مطهرة بكرا " [ صحيح الجامع : ١٦٢٧ ] .

**واته : سوێند به‌و زاته‌ى نه‌فسى منى به‌ ده‌سته‌ جار له‌ دواى جار له‌ گه‌ڵيدا جووت ده‌بێت ، هه‌ر كه‌ هه‌ستا له‌لاى پاك ده‌بێته‌وه‌ و ده‌بێته‌وه‌ به‌ كچ .**

دیارە ئەم زۆر جووت بوونە پێویستی بە هێزێكی جەستەیی زۆر دەبێت ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " إن الرجل من أهل الجنة ليعطى قوة مائة رجل في الأكل و الشرب و الجماع ... " [ صحيح الجامع : ١٦٢٧ ] . واتە : هەر پیاوێكی ئەهلی بەهەشت هێزی سەد پیاوی دەدرێتێ لە خواردن و خواردنەوە و شەهوەت و جووت بووندا .

هاوەڵان پرسیاریان كرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا لە بەهەشتدا جووت دەبین لەگەڵ ئافرەتاندا ؟ ئەویش فەرمووی : " إن الرجل ليصل في اليوم إلى مائة عذراء " [ السلسلة الصحيحة : ٣٦٧ ]. واتە : پیاوی بەهەشتی وا هەیە لە ڕۆژێكدا دەچێتە لای سەد كچ .

١٠ . دەنگیان زۆر خۆشە :

حۆریەكان لەگەڵ ئەو هەموو جوانیەی كە هەیانە دەنگیشیان خۆشە و گۆرانی بۆ هاوسەرەكانیان دەڵێن .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " إن أزواج أهل الجنة ليغنين أزواجهن بأحسن أصوات ما سمعها أحد قط ، إن مما يغنين : نحن الخيرات حسان ، أزواج قوم كرام ، ينظرن بقرة أعيان ، و إن مما يغنين : نحن الخالدات فلا يمتنه ، نحن الآمنات فلا يخفنه ، نحن المقيمات فلا يظعنه " [ صحيح الجامع : ٢/ ٤٨ ].

واتە : خێزانی بەهەشتیەکان گۆرانی دەڵێن بۆ هاوسەرەکانیان بە خۆشترین دەنگێك کە هەرگیز نە بیسترابێت ، دەڵێن : ئێمە ئافرەتی جوانی باشین ، خێزانی قەومێکی بەڕێزین ، بە بیلبیلەی چاوان سەیر دەکەن ، وە لەوەی کە دەیڵێن : ئێمە نەمرین و نامرین ، ئێمە سەلامەتین و ناترسین، ئێمە ئێرە جێگامانە و کۆچ ناکەین

بەڵام گۆرانیەکەیان مۆسیقای لەگەڵدا نیە بەڵکو تەنها تەسبیح کردن و سوپاس کردنی خوایە . پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " ما من عبد يدخل الجنة إلا و يجلس عند رأسه و عند رجليه ثنتان من الحور العين ، يغنيانه بأحسن صوت سمعه الانس و الجن و ليس بمزمار شيطان ولكن بتحميد الله و تسبيحه " [ أخرجه الطبراني في الكبير ( ٧٤٧٨ ) بإسناد حسن ] .

ئەی ئەوکەسانەی گۆرانی خراپ و واتا سووك بۆ ئافرەتان دەڵێن لەبەر خوا وازبهێنن و خۆتان بۆ ئەو حۆریە چاوگەشانە ئامادە بکەن ، کە ئەوانیش خۆیان ئامادە دەکەن و بە دەنگە زوڵاڵەکەیان گۆرانی سۆز و خۆشەویستیتان بۆ دەڵێن .

# پێشوازی حۆریە چاوگەشەكان لە هاوسەرەكانیان

**لە فەرمووودەدا هاتووە كە حۆریەكان لە دونیادا پێشوازی لە كەسی بڕوادار دەكەن ئەویش لە كاتی دەرچوونی ڕووحدا ، بەڵگەشمان ئەوەیە كە یەكێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەكێك لە غەزاكاندا شەهید بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە لای ئەم هاوەڵە بەڕێزە بوو ، بەڵام لەو كاتەدا پشتی تێكرد و فەرمووی : " ... وأما إعراضي عنه فإن زوجته من الحور العين الآن عند رأسه "** [ رواه البيهقي : ٤٣١٧ بإسناد حسن ] **. واتە : بۆیە پشتم تێكرد چونكە خێزانەكەی لە حۆریە چاوگەشەكان ئێستا لە لای سەریەوەیەتی .**

**ئەوە لە دونیادا ، هەروەها لە بەهەشتیشدا حۆریەكان بە جوانترین شێوە پێشوازی لە هاوسەرەكانیان دەكەن ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " ... ثم يدخله الله الجنة فيدخل عليه زوجتاه من الحور العين ، فيقولان : الحمد لله الذي أحياك لنا و أحيانا لك "**[صحيح الجامع: ١٥٥٧ ] .

## ژمارەی ئەو حۆريانەی دەدرێن بە بڕوادار

هەر پياوێكی ئەهلی بەهەشت ئەگەر لە نزمترين پلەشدا بێت هەر دوو حۆری دەدرێتێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " .... لكل واحد منهم زوجتان .... " [ صحيح سنن الترمذي : ٢٠٦٠ ] . واتە : بۆ هەريەكێك لە پياوانی بەهەشت دوو خێزان هەيە

بەڵام شەهيد ( ٧٢ ) حۆری دەدرێتێ ، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " للشهيد ست خصال ....و يزوج ثنتين و سبعين زوجة من الحور العين "[ صحيح سنن الترمذي : ١٣٥٨ ]

بەڵام بۆچوونی ڕاست ( و الله أعلم ) ئەوەيە كە ژمارەی حۆريەكان بە پێی كردەوەی بڕوادارەكە دەبێت ، كە واتە ژمارەی ئەو حۆريانەی دەدرێن بە بڕوادار لە دووان كەمتر نين بەڵام لە دووان زياتر بە پێی كردەوە دەبێت ( و الله تعالى أعلم بالصواب )

ئەم بۆچوونەشمان پشت بەستە بەو فەرموودەيەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموويەتی : " إن للمؤمن في الجنة لخيمة من لؤلؤة واحدة مجوفة طولها ستون ميلا ، للمؤمن فيها أهلون يطوف عليهم المؤمن فلا يرى بعضهم بعضا " [ البخاري : ٣٢٤٣ ] .

واته : بۆ بڕوادار ڕه‌شماڵێكی مرواری بۆش هه‌یه ، به‌رزیه‌كی شه‌ست میله ، چه‌ند خێزانێكی تێدایه بۆ بڕوادار به سه‌ریاندا ده‌گه‌ڕێت ، وه ئه‌و خێزانانه یه‌كتر نابینن .

هه‌روه‌ها فه‌رمووده‌ی : " إن الرجل ليصل في اليوم إلى مائة عذراء " [ السلسلة الصحيحة : ٣٦٧ ].

واته: پیاوی به‌هه‌شتی وا هه‌یه له ڕۆژێكدا ده‌چێته لای سه‌د كچ.

## ماره‌یی حۆریه چاوگه‌شه‌كان

موسڵمانی خۆشه‌ویست : بۆ ئه‌وه‌ی ببیت به هاوسه‌ری حۆریه چاوگه‌شه‌كان پێویستت به ئاماده‌كردنی ماره‌ییه‌كی باش ده‌بێت ، ئه‌و ماره‌ییه‌ش نه زێڕه ، نه زیو ، به‌ڵكو ئه‌نجامدانی كرده‌وه چاكه‌كانه .

ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ش چه‌ند كرده‌وه‌یه‌كن له كرده‌وه چاكه‌كان كه ده‌بێ هیچ نه‌بێ هه‌ندێكی ئه‌نجامی بده‌یت ( به پێ‌ی توانا ) ، بۆ ئه‌وه‌ی ببیت به هاوسه‌ری حۆریه چاو گه‌شه‌كان ( إن شاء الله ) .

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :**

**١. " ئەی گەنجانی قورەیش داوێنتان بپارێزن زینا مەکەن ، ئاگاداربن هەرکەسێك داوێنی بپارێزێت بەهەشتی بۆ هەیە** [ السلسلة الصحيحة : ٢٦٩٦ ] .

**٢ . " هەرکەسێك بمرێت و هاوەڵی بۆ خوا بڕیار نەدابێت دەچێتە بەهەشتەوە "** [ البخاري : ٧٤٨٧ ]

**٣ . " هەرکەسێك دە جار** ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾**بخوێنێت ماڵێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکرێت "** [ صحيح الجامع ] .

**٤ . " هەرکەسێك نوێژی چێشتەنگاو چوار ڕکات بکات ، پێش نیوەڕۆش چوار ڕکات بکات ماڵێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکرێت "** [ صحيح الجامع ] .

**٥ . " هەرکەسێك** ( آية الكرسي ) **لە دوای هەموو نوێژێکی فەرزەوە بخوێنێت دەچێتە بەهەشتەوە "** [ صحيح الجامع : ٥ / ٣٣٩ ].

٦ . " سیلەی ڕەحم و ڕەوشتی جوان و هەڵسوكەوتی جوان لەگەڵ دراوسێدا ئاوەدانی دەچێنن و تەمەن درێژ دەكەن"[رواه أحمد و البيهقي].

٧ . " هەركەسێك خۆی بشوات لە ڕۆژی هەینیدا ، پاشان لە بەیانیەوە بڕوات و فریای سەرەتای وتار بكەوێت و ئامادەی بێت ، و بە پێ بڕوات و سوار نەبێت ، و نزیك ببێتەوە لە ئیمامەوە ، و گوێ بگرێت و قسە نەكات و خۆی خەریك نەكات ، ئەوا بە هەموو هەنگاوێك كە دەینێ كرداری ساڵێكی بۆ دەنوسرێت ، پاداشتی ڕۆژووی ئەو ساڵە و شەونوێژەكەی " [ رواه أهل السنن ] .

٨. " حەج و عومرە بكەن بە شوێن یەكدا ، چونكە ئەم دووانە هەژاری و گوناه ناهێڵن و لای دەبەن هەروەكو چۆن ئاگر پیسی ئاسن و ئاڵتون و زیو لادەبات و نایهێڵێت" [ رواه الترمذي و صححه الألباني ]

٩ . " عومرەیەك لە ڕەمەزاندا وەكو حەجێك وایە لەگەڵ مندا "

[ رواه البخاري ] .

١٠. " هەركەسێك لە هەموو مانگێكدا سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت ئەوە وەكو ڕۆژووی هەموو ساڵەكە وەهایە " [ رواه الترمذي ] .

١١ . "هەركەسێك بڵێت ): سبحان الله العظيم و بحمده) دارخورمايەكى لە بەهەشتدا بۆ دەنێژرێت " [ صحيح الجامع ] .

١٢ . " سورة تبارك هي المانعة من عذاب القبر " [ السلسلة الصحيحة : ١١٤٠ ] . واتە : سورەتى ( تبارك – ملك ) ڕێگرە لە سزاى گۆڕ (*).

١٣ . " هەر كەسێك بڕوات بۆ مزگەوت بەيانيان يان ئێواران ئەوە خواى پەروەردگار بۆ هەموو جارێك ڕۆيشتنى بۆ مزگەوت لە بەهەشتدا ماڵ و كۆشكێكى بۆ دادەنێ و بۆ دروست دەكات " [ بخاري:٦٦٢ ] .

١٤ . " هەركەسێك سورەتى ( الكهف ) لەڕۆژى هەينيدا بخوێنێت ڕووناكيەك نێوان هەردوو هەينيەكەى بۆ ڕۆشن دەكاتەوە " [ صحيح الجامع ] .

١٥ . " هەركەسێك چووە ناو بازاڕەوە بڵێت : ( لا اله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك و له الحمد ، يحيي و يميت ، و هو حي لا يموت بيده الخير ، و هو على كل شيء قدير ) . ئەوا خواى گەورە هەزار هەزار چاكەى بۆ

---

(*) ئەم سورەتە سوننەتە شەوانە پێش خەوتن بخوێنرێت ، و ڕێگرە لە سزاى گۆڕ .

دەنوسێت ( واتە : ملیۆنێك ) ، و هەزار هەزار خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە ، و هەزار هەزار پلە بەرز دەبێتەوە ، و خانوویەكی لە بەهەشتدا بۆ درووست دەكرێت " [ صحيح الجامع ].

١٦ . " هەركەسێك بڵێت : ( لا اله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك ، و له الحمد ، يحيي و يميت ، و هو على كل شيء قدير ) دە جار لە دوای نوێژی مەغریبەوە ، خوای گەورە كۆمەڵێك فریشتەی بۆ دەنێرێت كە بیپارێزێت لە شەیتانەكان هەتاكو بەیانی ، وە دە چاكەی ڕزگاركەری ( موجبات ) بۆ دەنوسێت ، وە دە گوناهی گەورە و لەناوبەری ( الموبقات ) لەسەردەسڕێتەوە ، وە پاداشتی دە بەندەی بڕواداری ڕزگاركراوی بۆ دەنوسرێت " [ صحيح الجامع ] .

١٧ . " ئایا دەرگایەك لە دەرگاكانی بەهەشتتان نیشان بدەم ؟ ( لا حول و لا قوة إلا بالله ) یە " [ صحيح الجامع ] .

١٨ . " بڵێ : ( سبحان الله ، الحمد لله ، لا اله إلا الله ، الله أكبر ) ، بە هەر وتەیەكیان درەختێكت بۆ دەنێژرێت لە بەهەشتدا " [ صحيح الجامع ] .

## وەڵامدانەوەی شوبهە و گومانێك

حەزدەکەین لێرەدا وەڵامی شوبهە و گومانێك بدەینەوە کە لەلای خەڵکێکی نەشارەزا بە دینی خوا یان خەڵکێکی بە ناو ڕۆشنبیر درووست بووە ( یان درووستیان کردووە ) ، ئەویش ئەوەیە ئایا بۆچی ئافرەت حۆری نادرێتێ لە بەهەشتدا ؟ ئایا ئەمە ستەم نیە بەرامبەر بە ئافرەتان ؟

پشت بە خوای گەورە لە وەڵامدا دەڵێین : فیترەتی پیاو لە ڕووی مەیلی جنسیەوە زیاتر حاڵەتی داواکار و فیترەتی ئافرەتیش زیاتر حاڵەتی داوالێکراوی هەیە ، هەربۆیەش بە دەگمەن دەبینیت ئافرەت شیعر و پەخشان بە باڵای پیاودا بڵێت ، ئەوە هەر پیاوە بووەتە پەپوولەی دەوری چرا و مانگی ڕووی یار و خۆشەویستەکەی!

دەجا بێگومان پاداشتی خوای کاربەجێش لە بەهەشتدا هەر بە پێی فیترەتی مرۆڤەکان دانراوە ، بۆیە ئافرەتی بڕوادار حۆری نادرێتێ بەڵکو بۆ دوا مێردی بڕواداری خۆی دەبێت لە بەهەشتدا ،

بەڵام ئەگەر مێردی نەکردبێت ئەوا لە پیاوانی بڕواداری بەهەشت مارە دەکرێت ، و نابێت بە بێ مێرد بمێنێتەوە .

## کۆتایی

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە : نابێ خوێنەری بەڕێز بەو شێوەیە تێبگات کە هەموو خۆشیەکانی بەهەشت تەنها بریتییە لە ڕابواردن لەگەڵ حۆریەکاندا ، بەڵکو ئەوەی لەم نامیلکەیەدا باسکراوە تەنها بەشێکە لە خۆشیەکانی بەهەشت ، و مەبەستیشمان ئەوەیە بە پشتیوانی خوای گەورە ئەم باسە وا لە گەنجەکانمان بکات زیاتر هەوڵ بدەن ، و کردەوەی چاکە ئەنجام بدەن ، بۆ گەشتن بە بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەت و شاد بوون بە دیداری خوای گەورە .

لە خوای گەورە داواکارین گەنجەکانمان لە دونیادا ڕەوشت جوان و داوێن پاك بکات , و لە دواڕۆژیشدا بە بەهەشت شادیان بکات ، و حۆریە چاوگەشەکانی بەهەشت بکات بە هاوسەریان . آمین.

و الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

و صلى الله على نبينا محمد و على آله و صحبه و سلم

# بانگەوازمان

١ . شارەزاکرنی موسڵمانان و پەروەردەکردنیانە لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام : ئەمەش دەستەبەر دەبێ بەگەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام کە بریتی یە لە قورئانی پیرۆزو سونەتەکانی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) تێگەیشتن و لێکدانەوەیان ، وەپەیڕەو کردن و گەیاندنیان بەو شێوازەی کە پێشین و پێشەوایانی ئوممەت (سلف صالح) لەسەری بوون .

٢ - پاککردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی مسولمانان لە دیاردەکانی شیرك و کوفر و تاوان ... وەپالاوتن وخاوێن کردنەوەی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان ... وە وریاکردنەوەی موسڵمانان لە شوێنەواری ڕیواتە لاواز و هەڵبەستراوەکان ...

٣ - زیندوو کردنەوەی بیرو هۆشی ڕەسەنی ئیسلامی لەژێر ڕۆشنایی(قورئان و سوننەت) دا و لەسەر ڕێ وشوێنی پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە ، لەگەڵ پتەوکردنی برایەتیەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەم کردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی کەزاڵ بووە بەسەربیرو هۆشی زۆرێك لە موسڵمانان و بۆتە مایەی پارچە پارچە بوونیان وتەسك کردنەوەی برایەتی و هاوکاریان لەچوار چێوەیەکی تەسکی مەزهەبی حیزبیدا .

٤- دانانی چارەسەری ئیسلامیانە بۆ تەواوی ئەو گیرو گرفتە هاوچەرخانەی کەلە ئارادان، وەهەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئیسلامیانە لەسەر رێبازی رەسەنی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ)و هاوەڵە بەرێزەکانیو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی خواویست و چەسپاندنی حوکمی خوا لەزەوی دا، بەبێ زێدە رەوی کردن و هەڵنانی موسڵمانان لەسەرهەڵگیرساندن و نانەوەی ئاشوب و فیتنە و یەکتر کوژی .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته